# دەسەڵاتی کوردیی، حەسەن عەلەوی و دەوڵەت !؟

هەڵۆ بەرزنجەیی 12.2.2012 بەرلین

پاش داگیرکردن و دابەشبوونی کوردستان، گەلێ جار دەرفەتی گەورەی سەربەخۆیی لە مێژووماندا هاتۆتە بەردەم سەرانی سیاسی کورد. دەی نەک هەر بە داتاشینی بیانووی پوچەڵ خۆیان لێ نەبان کردووە، بەڵکو زۆر بەتوندی ئاستەنگیان بۆ دروست کردووە و بە ناشیرینی دژی وەستاونەتەوە. لەم هەلومەرجەی ئێستادا، کە بە زێڕینترین دەرفەت لە مێژووماندا دادەنرێ ، باس لە دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی وەک بەرئەنجامێکی نەمان یان نەرمبوونی ئەو هۆکارە ناوەکی و دەرەکییانەی هەتا ئێستا رێگربوون، پانتاییەکی بەرچاو لە نێو میدیاکان داگیر دەکات. گۆڕینی ئەتڵەسی سیاسی رۆژهەڵاتی ناوین زەمینەی کامڵ بووە. چاوی ناوەندەکانی بڕیار و زمانی دبلۆماتکاران و چاوچنۆکی بەرژەوەندخوازەکان، بە بایەخ و گرنگییەوە تەماشای رووداوەکانی ناوچەکە دەکەن و سات بە سات زیاتر لە قەناعەتی دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی نزیک دەبنەوە .

هەر وەک بڵێی مێژوو لای سەرانی کورد خۆی چەندبارە بکاتەوە، بەرانبەر بەم پرسە هەستیار و چارەنووسسازە دەست بەتاڵ و بێ پرۆژەیەن. شەرمنانە بە دیار رووداوەکانەوە ئەبڵەق ماون و سەریان کز کردووە و لە بێدەنگیدا نوزەیان لە خۆی بڕیوە. کۆلکە فەیلەسووف و چاودێرە سیاسییەکانیان بەردەوام گەرەکیانە، بکەونە راڤەکردنی پیتۆڵانەی بارودۆخەکە و پێمان بڵێن: گەر دەوڵەت دروست بکەین، وا دەوڵەتانی دراوسێ!، ئێران تەماتەمان بۆ نانێرێ و تورکیا رێگای سەفەرمان لێ دەبڕێ و عێراق ماڵی خۆیمان لێ جیادەکاتەوە و سوریا ناسنامەی نیشتمانی و پێشکەوتنخوازیمان لێ دەسێنێتەوە. سەرانی

کورد لە خەمی ئەوەدان کۆڵەکەی برایەتی کورد و ئەوانی دیکە لەق نەبێ، تۆقیون بە جیاخواز ناوزەد بکرێن و چاولەژێرن فایلەکانیان ئاشکرا بکرێ.

داخۆ غاندی هیندستان و هۆشی منی ڤێتنام و بسمارکی ئەڵمانی و کافوری ئیتالی بەم پێودانگەی سەرانی کورد خەبات و تێکۆشانیان بۆ رزگاری نەتەوەکەیان کرد!؟. نا نەخێر، ئەوانە کوڕی خاک و نەتەوەی خۆیان بوون ستەم و ئازاری نەتەوەکەیان ببووە فەلسەفەی ژیانیان و تا دوا هەناسە و ترپەی دڵ بۆ ئازادی و سەربەخۆیی وڵاتەکانیان فیداکارییان کرد. ئەو سەرکردانە تا دنیا بێت ناویان لە ناو میللەتانی خۆیان و جیهاندا وون نابێت، چونکە سەربڵندانە و ویژدان سەرفرازانە چوونەتە مێژووەوە.

دەسەڵاتی کوردی لە هەوڵی ئەوەدایە، بەو برِو بیانووانە و دەرپەڕاندنی چوار رستەی شاش و شەشپەڕ و لێدانی کۆمەڵێ قەوانی دیکەی سواو، دەیانەوێ نمایشتێک بۆ کەمکردنەوەی بایەخی پێشهاتەکە ساز بکەن و پێمان بڵێن ئێمە واقعیین. واقعیبوونیش لای ئەو سەرکردانە ئەوەیە کوردستان داگیرکراو و دابەشکراو و کورد هەر ژێردەستە و زوڵملێکراو و برای بچوک و ...هتد بێت. لەم سەردەمی گۆرانکارییەدا دەوڵەتی زۆڵەکی عێراق یەکەم کاندیداتی هەڵوەشانەوە و فەوتانە. بەتایبەت شیعە و سوننە بەرداشیان خستۆتە گەڕ بۆ هاڕینی گیانی یەکتر . هەردوو بەرەی تورکیا و ئێران دۆستەکانیان دنەی خۆشکردنی ئاگرەکە دەدەن. ئەم شەڕە رەهەندی نێوچەیی و جیهانیشی هەیە و لەرووی مێژوویشەوە خاوەن پاشخانە و فاکتە سیاسییەکەش هەمیشە لەسەر پێ بووە.

عێراق دەوڵەتێکی ئیفلیج و لەرزۆکە، توانای لەسەرپێ وەستان ، رێکردن ، بەڕێوەبردن و کۆنترۆڵکردنی نییە، لە عێراقی تاوان و ستەمدا،

هەر ئەو یاسایانە جێبەجێ دەکرێن، که دژ بە کورد دەردەچن. حاکمەکەی بەغدا دەسەڵاتی نییە لە پایتەخدا مریشکێک لە ئاو بکات، دەستگیرکردنی تاریق هاشمی یاخی لە یاسای لە کوردستان دا هەرگیز بۆ ناکرێ.

سەرانی کورد،جگە لەوەی ئاگرێکی مەترسیداریان هێناوەتە ناو کوردستانەوە، بەردەوام و بە زۆردارەکی خەریکی بیناکردنی دەوڵەتێکن ـ ئەوەی ئینگلیز دروستی کرد و **برێمەر** هەڵی وەشاندەوە ـ کە لە بنەڕەتەوە لەسەر خوێن و فرمێسک و ئێسک و گۆشتی کورد دروست کراوە و جگە لە( تعریب ، تهجیر ، ترحیل) ئەنفال و هەڵەبجە و ژینۆساید هیچ خێرێکی دیکەی نەبووە.

**پێتەر گالبێرس** دەڵێ:" دوای دوو هەفتە لە رووخانی سەدام، دەستمکرد بە گفتوگۆ لەگەڵ سەرکردە کوردەکان سەبارەت بە ئاییندەی کوردستان و ئەوەی دەتوانن لە دەستووری نوێی عێراقدا بەدی بهێنن، بۆیە قسەم لەگەڵ هەر یەک لە مەسعود بارزانی و جەلال تاڵەبانی کرد. بەڵام هەردووکیان سەرقاڵبوون بە بیرکردنەوەیان لە پێکهێنانی حکومەتی کاتی و کۆمەڵێک مەسەلەی هەنووکەیی دیکەی پەیوەندیدار بە ماوەی پاش جەنگ".

بنۆڕن، سەرانی کورد، لەبەرئەوەی لەو چرکەساتە مێژووییەدا هەڵگری ئەجندای عێراقی بوون لە بری کوردستانی، تەنانەت لە رەخنە و گلەیی کەسێکی دۆست و راوێژکاری کوردیش رزگاریان نابێت. نووسەری کتێبی **کۆتایی عێراق** لە شوێنێکی دیکەدا پێمان دەڵێ: "دوای ئەوەی لە ئایاری 2003 دا عێراقم بەجێهێشت دەرکم بەوە کرد کە سەرکردە کوردەکان کێشەی ئەوەیان هەبوو کە تێڕوانینێکی روونیان نەبوو سەبارەت بە پلاندانانیان بۆ عێراقێکی فیدڕاڵی، بۆیە وەک کاتی

یان گۆڕینی دەسەڵات سەیریان دەکرد، واتە بەغدا هەندێ مافیان بداتێ. لەبەرئەوە هانمدان کە هاوکێشەکە پێچەوانە بکەنەوە".

ئاخر پێم سەیرە ***گرامش*** دەڵی: "لە منداڵانی هەر حیزبێکدا کۆرپەی دەوڵەت هەیە". پێدەچێ گرامش بێ ئاگا بووبێ لەوەی ، حیزبی کوردی هەموویان نەزۆکن و هەرگیز بە کۆرپەی دەوڵەت ئاوس نابن. گەر حیزبێ لە سەرەتاوە ستراتیژێکی سەربەخۆیی دیار و روونی نەبوو بێت، ئەندامەکانی بە تورکیایی و ئێرانی و عێراقی و سوری پەروەدە بکات، وا لە ئاست رووداوی رووخان و لەناوچوونی رژێمێکی داگیرکەردا دۆش دادەمێنێ. بە چنگێ پارەی چڵکن و پێچکەی هەندێ کورسی قنیات و قوڕوقەپ دەکات. بیرەوەرییەکانی پۆل برێمەر  باشترین سەرچاوەیە لەمەڕ ئەم راستییانەوە. گالبێرس بۆمان دەگێڕێتەوە ئەو هانی داون بەشێکی باشی ئەو هەنگاوانەی بۆن و بەرامەیەکی کوردستانییان پێوەیە بکەنە بەرنامەی خۆیان و هەوڵی جێبەجێکردنی بدەن. لەوانە:

(دەستووری کوردستان پێش هی عێراق بنووسرێ، پاراستنی مافی مرۆڤ لە دەستووردا بچەسپێ، روونکردنەوەیەکی ووردی دەسەڵاتەکانی حکومەتی کوردستان بە بەراورد بە دەسەڵاتەکانی حکومەت لە بەغدا، مەسەلەی نەوت و پۆلیس و هێزە چەکدارەکان، کوردستان دەسەڵاتی پێویستی ببێت بۆ دامەزراندن و درێژەپێدان و کۆنترۆڵکردنی هێزێک بۆ بەرگریکردن لە کوردستان و ....هتد).

ئەم خاڵە گرنگانە و زۆری تریش کە لە راستیدا چمکێکن لە بنەماکانی ستراتیژ و ئاسایشیی نەتەوەیی، کەچی بە زۆر و هاندانی کەسانی دیکە هاتوونەتە بەرهەم. کاتی خۆی شێوازی کارکردن و دەسەڵاتی ففتی بە ففتی لەسەر داخوازی ئینگلیز و فەرەنسا پیادە کرا و ئەوماڵوێرانییەی لێ کەوتەوە کە بەسەرماندا هێنایان.

سەرانی کورد، بەو شۆرشەی لە چیاکانی کوردستانەوە هەڵیان گیرساندبوو، لە خەونی بە دیموکراسی کردنی عێراق و پاراستنی یەکێتی خاکەکەیدا بوون و چەشنی مریشکە ڕەشە لەسەر ئۆتۆنۆمی کڕکەوتبوون . ساتێ گەورەترین زلهێزی دنیا هات و عێراقی دایە بە گورزی خۆی، ئەوان چاوەڕێی ئاکامەکەیان بەو قەبارە و ڕێژەیە نەدەکرد کە ئێستا بۆ کورد بۆتە دێفاکتۆ. هەڵەیەکی دیکەی کوشندەش ئەوە بوو نەیان دەزانی بە چ میکانیزمێک مامەڵە لەگەڵ ئەو واقیعەدا بە ئامادەیی ئامریکا بکەن؟. باوەڕیان بە خۆیان نەبوو، لە چ شوێنگەیەکی گرنگی ڕووداوەکاندان ؟و لەو پێویستییە دوولایەنییەی ئەمەریکا بۆ کورد و بە پێچەوانەوە نەدەگەشتن. ئەم باوەڕ بە خۆنەبوونەش وای کرد بێ هیچ ڕێکەوتننامە و نووسراوێک و زۆر دەست بەتاڵانە و بچنە ناو هاوکێشەکانەوە. دەرئەنجام نەیانتوانی ببنە هاوبەشێکی پێویست و دیاری لایەنی براوە لە شەڕدا و هاوکێشەکان تەنها بە سوودیی ئامریکا دارێژران. گالبێرس دەنووسێ:" لەوە ئاگادارم کردنەوە کە پێویستی وڵاتە یەکگرتووەکان بۆ کورد لە پێویستی کورد بۆ ئەمەیکییەکان کەمتر نییە". لێ ئامریکاییەکان زوو دەرکیان بەوە کرد سەرانی کورد تەنگەتاویان ناکەن،چونکە هیچ خواستێکی قورس و گەورەیان لە ئەجندادا نییە. هەر بۆیە بێ گوێدانە عورف و مۆڕاڵی دۆستایەتی و هاوپەیمانی هەژماریان لەسەر کورد لە هیچ کایەیەکی سیاسیدا نەکرد، جگە لە بواری لەشکریدا نەبێت. ئەویش بە ئامانجی ئەوەی کوڕی کورد بەرن بۆ شەڕی ئەلقاعیدە و سوود لە شارەزایی هێزی پێشمەرگە لە ناوچەکەدا وەرگرن و بەس.

بە نموونە نووسەر لە لاپەڕە 274 دا سەبارەت بە کێشە و هەراکانی شاری موسڵ دەڵێ:" کاتێ جەنەڕاڵی ئەمریکی **دێڤید پترایۆس** لە دوای جەنگ ئەنجومەنی پارێزگا و شارەکانی پێکهێنا، دانیشتوانی عەرەبی لە کورد پێ باشتر بوو". کەواتە بۆچوونەکەمان ڕاستە و لای

ئامریکاییەکان سوننە بە خۆیان ڕێکخراوی تیرۆریستی ئەلقاعیدەوە لە کورد زیاتر لەبەرتر بوون، چونکە ئەمانە داواکاریی و بەرنامەی ڕوون و دیاریان هەبوو/هەیە. بۆ پتر ڕوونکردنەوەی مەبەست ناچارم کۆپلەیەکی تری گرنگ لەو کتێبە بەنرخەی گالبێرس بگوێزمەوە، کە لەگەڵ بارودۆخی ئێستادا کتومت دێتەوە و دەڵێ: " شەڕی ناوخۆ لە عێراق کۆتاییەکی ئاڵۆزە بۆ وڵاتێک کە هەرگیز وەک یەکێتییەکی ئارەزوومەندانە سەرکەوتوو نەبووە و بووەتە مایەی بەدبەختی بۆ زۆربەی دانیشتوانەکەی لە زۆربەی کاتەکاندا". بۆ وەڵامی ئەوانەشی کە پێیان وایە هەڵوەشاندنەوەی عێراق دەبێتە مایەی تێکچوونی سەقامگیریی، دیسان نووسەر دەڵێ:" ئەمە خوێندنەوەیەکی هەڵەیە، چونکە پارێزگاریکردن لە یەکێتی عێراق لەرێی هێزەوە خۆی سەقامگیرییەکەی تێک دەدات".

سەرانی دوو پارتە دەسەڵاتدارەکەی کوردستان لەبری پێشکەشکردنی دۆسییەی کورد و فراوانکردنی دەروازەی چالاکییە سیاسی و دبلۆماسییەکانی لە نێو وڵات و لەدەرەوە و ڕازیکردنی ناحەزەکان و تەماح خستنە بەردەم هێزە چاوچنۆکەکان، هەر سەرقاڵی عێراقی خۆشەویست و بەشە بودجەکەی خۆیان و ئەو چەند پۆستە کارتۆنییە بوون. لە خەونی قوڵی خۆیاندا ڕۆچووبوون و بە دیار دروشمە نەزۆک و پووچەڵەکانیانەوە ئەبڵەق بوو بوون. ساویلکانەش خۆیان بە واقعی لە قەڵەم دەدا و تا هەنووکەش لانسی واقعبینیان خاو نەبۆتەوە.

**پەشێوی** گەورە ناحەقی نەبوو بەم شیعرە لێیان بە دەنگ بێت و بفەرمووێ:

**ئۆتۆنۆمی**

نە خەندەیە، نە گریانە،

نە مردنە، نە ژیانە!

پێناسەکەی وا لای منە:

کوردکوژە، هیواخەسێنە.

رێگایەکە نابڕێتەوە۔

لە نوێنەوە بەرەو سەنگەر،

لەوێشەوە بەرەو نوێنە!

حەقیقەت و راستییە مێژووییەکاندا هەمیشە زاڵن بەسەر دروستکراو و دەستچێن و ساختەکاندا. دەبێ سەرکردایەتی سیاسی کورد باش تێیان بگات و باوەڕ بەو راستییە مێژووییە بهێنن ، چەند لە ئاست سەربەخۆیی و دامەزراندنی دەوڵەتێکی نەتەوەییدا، خۆی گێل و نەزان بکەن ؟و بە چ ئەندازەیەک خەمساردی خۆیان بنوێنن؟، بە کام ئاستی شەرمنانە و ترسنۆکانە گوزارە لەم پرسە بکەن؟ و تا کەی خەریکی ماراسۆنی داگیرکەرچێتی بن؟، باری سەرشانیان گرانتر دەبێ . بەرپرسیارێتیان بەرانبەر بەو شکست و دۆڕاندن و ماڵوێرانییەی بەسەر کورددا دێت زیاتر دەبێ. کوردیش بەرگەی ئەم هەموو تاقیکردنەوە و چاوەروانییە ناکات تا لەو وڵاتە داگیرکەرانەدا دیموکراسی بەرقەرار دەبێ،ئەوجا مافی کورد دەستەبەر ببێت. نامەخوا خۆ تەفرەدانی سەرانی کورد لە ئاست ئەم راستییانەدا هەتا ئێستا درێژەی هەیە. بۆیەکا تا بێت خەرمانی کەماسی و تاوانەکانیان گەورە و بە بەرەکەتر دەبێت.

لە دنیای ئەمڕۆدا، سەرکردایەتی کاڵفامی کورد نەبێ، کەس بەم لۆجیکە چەوت و چەوێڵە ئیش ناکات. کاریش هەر ئەوە نییە، لە بەردەم مێژوو و ویژدانی نەتەوەدا بەرپرسن و بەس، بەڵکو میللەت پتر

لە جاران باوەڕ و متمانەیان پێ ناکات . رەنگە، ئەو کەمتەرخەمی و بە هەند وەرنەگرتنی پرسە هەستیار و گرنگەکان، سەرئەنجام بە کارەساتی کوشندەی نەتەوەیی بە زیانی هەر لایەکمان کۆتایی بە پەردەی شانۆکە بێت. بە دڵنیایشەوە بۆشیان نەکرێت مینا جاران وەک بەرزەکی بابان تێی قوچێنن!! . چونکە ئەو سەردەمەش بەسەرچوو، بە خەیاڵ جارێکی تر سواری رووداوەکان بن و خۆ بکەنەوە سەرکردە و رابەر.

ئاخر مەرج نییە هەموو جارێ هەمان پەردە و شانۆی رووداوە مێژووییەکان کتومت وەک خۆیان دووبارە ببنەوە. جەماوەری کورد نەک هەر لە ئەزموونەکانی رابردوو شت فێر بووە، بەڵکو ویست و خواستی نەتەوە بۆ بەدەستهێنانی مافی رەوا و سروشتی خۆی هێندە بە گوڕوتینە، هەرگیز بنەبڕ نابێت و هیچ هێزێ لەناوی نابات و چ لەمپەرێ ناتوانێ بەری پێ بگرێت. ئاوات و ئامانجی سەربەخۆیی و بوونە خاوەن دەوڵەت، لە هەر ئان و ساتێکدا بێت لەهەناوی پرۆسەی خەباتی دورودرێژی کوردایەتیدا وەک پێداویستیی و دەرئەنجامێک هەر لە دایک دەبێت. مادام نەتەوەی کورد و خاکی کوردستان هەیە،دەوڵەتی ناسیونالیش هەر دروست دەبێت.

کۆمەڵگەیەک چەندین سەدە بێ دەوڵەت بژی و ژێردەستەش بێ، وا لە پلە هەرە نزمەکاندا ژیان دەگوزەرێنێ و مامۆستا ***مەسعوود محەمەد*** ووتەنی:" لە دەرەوەی مێژوودایە". ئەی ئەوە نییە ***هێگل*** دەڵێ: "دەوڵەت رۆحی رەهای کۆمەڵگەیە". دەی ئێمەی بێ دەوڵەت کوا رۆحی رەهامان؟!. بێ رۆحی رەها، دەبێ ژیان چ مانایەکی لە خۆ گرتبێ؟!. گەمارۆدانی کوردایەتی لە لایەن دوژمنەکانییەوە بەتەنیا فاکتی سەرەکی شکستەکانمان نیین، بەڵکو تێشکاندن و دۆڕاندنەکانمان لە

مەیدانی سیاسیدا بە هۆی زەلیلی ئیرادەی سەرانی کورد و وابەستەییان بێرە و ئەوێوە بووە.

ئەم چەند دێرە بۆچوونە نێو ئەو باسەیە ، کە لە گەرمە گەرمی باسی دەوڵەتی کوردیدا لەماوەی یەک دوو مانگی رابردوودا کەسایەتی رۆشنبیر و سیاسی دیاری عەرەب ***حەسەن عەلەوی*** لە دوو کۆڕیدا لە هەولێر و سلێمانی و لە چاوپێکەوتنەکانیدا ئەم باسەی سەرلەنوێ هێنایەوە نێو باسان و لە پەنا گوێ دەسەڵاتی کوردییەوە، داوامان لێ دەکات دەوڵەتی خۆمان دروست بکەین، ئیدی دەست لە بەرۆکی عێراقی عەرەبی بەر بدەین. بەکورتی کرمانجی دەیەوێ کورد تەڵاقی سیاسی خۆی لەگەڵ عێراقدا بدات.

بۆچوونەکەی عەلەوی لە دوو بڕگە پێک دێ. بۆ دەیەوێ کورد دەوڵەتی خۆی دروست بکات؟ و ئەو بۆ(لەگەڵ) دروستکردنی دەوڵەتی کوردیدایە.

عەلەوی... یەکەم کەس و دوا کەس نابێت لەم جۆرە بیروڕایانە بڵاوبکاتەوە، لێ ئەوی گرنگە لە رووی کاتەوە و لە ساتەوەختێکی وادا ئەم شانسە گەورەیە رووی لە ماڵی کورد کردووە، لێرە و لەوێ هەندێ گارە گار بەرگوێ دەکەوێ،کە بەردەوام جەخت لەسەر یەکێتی خاکی عێراق دەکەنەوە و سەرکردایەتی کوردیش ساڵانێکە بە دەنگێکی دلێر ئەم سroودە دەچڕن. ئەم باسانە سەرلەنوێ لە چێشتخانەی سیاسیدا دەکولێندرێنەوە. عەلەوی کەسێکی هەرە بەرچاو و دیاریی ناسیونالیستی بەعسی عەرەبە و جێ و رێیەکی لە سیاسەت و پەرلەمانی عێراقدا وەک سەرۆک فراکسیۆنێک هەیە و ناوەندی سوننی عەرەب لە عێراق و جیهانی عەرەبیدا گوێی لە بیر و بۆچوون و تێزەکانی دەگرن.

سەرەتا دەبێ لەوە بگەین جەوهەری داواکەی عەلەوی بۆ عەرەب چ سوودێکی لە خۆ گرتووە.

عەلەوی شینی ئەوە دەکات کە کورد بۆتە فاکتەری لاوازکەری عێراق و هەمیشە لەم دەروازەیەوە هەڕەشە بۆ سەر عێراق سەری هەڵداوە. حکومەتی ناوەندی هەرگیز نەیتوانیوە ئارامی و ئاسایش بەرقەرار بکات و ووزە و توانایەکی زۆری عێراق لەم بوارەدا بە هەدەر چووە. ئەوەتا عەلەوی راستی ئەم مەسەلانەی بۆ ناشاردرێتەوە و دەڵێ *تاکە رێگە بۆ ئەوەی لە عێراقدا دەوڵەتێکی مەرکەزی هەبێت ،راگەیاندنی دەوڵەتی کوردستانە.*

لە شوێنێکی دیکەدا دەڵێ: *وەک عەرەبێک دەمەوێ رزگارمان بێت لە کورد و دەوڵەتی خۆیان دابمەزرێنن.*

هەڕەشەی هەراشبوونی شیعە و بەهێزبوونی ئێران لە ناوچەکەدا لەلایەک و تورکیاش خۆی بە گورنەتەڵەیەکی نوێ لە دەڤەرەکەدا دادەنێ و وەک پاڵەوانێکی براوەی شەڕ خۆی دەنوێنێ. ئەم دوو بەرەیەی شەڕ و هەڕەشە و تەماح چاویان لە عێراق بڕیوە و دەست دەخەنە نێو کاروبارەکانییەوە.

عەلەوی لەتەک دەربڕینی ئەم راستییەدا، ئاماژە بە کۆمەڵێ بیروڕای تریش دەدات، کە دەکرێت ئیستیان لەسەر بکرێت و وەک بەڵگەیەکی مێژوویی کەڵکییان لێوەرگیرێت. لەوانە:

**ـ کوردستان بە خاک و نەتەوە هیچ پەیوەندییەکی بە عێراقەوە نییە و هەرگیز بەشێک نەبوە لە عێراق تاکو لێی جودابێتەوە.**

ئەم بۆچوونە هەر هیچ نەبێت مستێکی بەهێزە بۆ رستە هەڕاجکراوەکانی گووتاری نەتەوەیی ئەو دوو حیزبە و هەم بۆ دەمی ئەو بەرپرسە کوردانەی وەک بنێشتە خۆشە باس لەوە دەکەن(( کوردستان بەشێکە لە عێراق، دەوڵەتی کوردی خەونی شاعیرانە، میللەت بڕیاری داوە لە عێراقدا لەگەڵ بەعسی و سەدری و مالیکیدا

بژی، ئێمە عێراقین ، 58 ساڵە بیرم لەسەربەخۆیی کوردستان نەکردۆتەوە و بەرژەوەندی عێراق لەسەروو کوردستانەوەیە... هتد )).
تەنانەت ریسوایی و دابەزینی مۆراڵی و هەستی نەتەوەیی لای ئەو بەرپرسانە گەیشتە ئەوەی کەسێکی وەک (موئەیەد تەیب) ی قسەکەری هاوپەیمانی کوردستانی لەسەروبەندی ئەو بڕیارەی مالکی دای سەبارەت بە داگرتن و لابردنی ئاڵای کوردستان لە خانەقین و ناوچە داگیرکراوەکانی دیکەدا ووتی: "ئاڵای کوردستان ئاڵایەکی عێراقییە".
ئەم راگەیاندنانە بەزاندنی هەموو سنوورە سوورەکانی کوردبوون و بەها پیرۆزەکانی دیکەی مێژوو و کوردایەتییە. بڕینەوەی هەست و نەستی تاکی کوردە لە ریشەوە، هەنجن هەنجن کردنی ئینتیمای نەتەوەیی و چەمکی کوردبوونە،داڕمانی تەلاری خەون و فەنتازیای کەینونەی کوردە، سوکایەتییە بە خەباتی سەدان ساڵە کوردی رۆژهەڵات و رۆژاوا و باکوری کوردستان شەهیدە سەروەرەکانی رێی رزگاری و سەربەخۆیی کوردستانە.

**ـ نوێنەرانی کورد لە بەغدا کەمتەرخەم و بەرپرسیارن.**

ئەم راستییەش کاتی خۆی جەعفەری و عەبدولعەزیز حەکیم لە هەولێر و سلێمانی لەبەردەمی کەناڵەکانی راگەیاندن و لە کۆڕ و چاوپێکەوتنەکانیان دا جەختیان لەسەر کردۆتەوە. مالکیش چەندین جار هەمان شتی باس کردووە. هەموو جەماوەری کورد دەزانێ ئەو تیمەی لە بەغدا لە سەرەک کۆمار و وەزیر و پەرلەمانتارەکان پێکهاتووە زۆر بە تایبەتی و سەرۆکایەتی هەرێم و پەرلەمانەکەی بە گشتی ئەو تاوانەیان لە ئەستۆدایە.

**ـ هیچ هێزێک نییە لە ناوچەکەدا بتوانێ گەلێک بە تەواوی بکوژێ و تەفروتونا بکات.**

ئەمە حەقیقەتە و لەودیو سنووری بەڵگەنەویستییەوەیە، وەلێ سەرکردایەتی کورد خەمی لەدەستدانی ئیمتیازەکانی پەیوەندییەکانیانن لەگەڵ تاران و ئەنکەرە و شام و بەغدا دا. خۆ لە خراپترین ئەگەردا، بشمان کوژن وەک کردوویانە هەوڵی قڕکردنمانیان داوە، هەر ئەوە دەردەچێ وەک پەشێو دەفەرموێ:

قڕمان دەکەن؟ قوڕتان بەسەر!

گەر بشمرین تەنیا دیلی دەدۆڕێنین،

چ هەیە لە دیلی تاڵتر؟

گەر بشمرین هەر سەرکەوتووین،

کوا لە کۆیلەی شەهید زاڵتر؟

**ـ دەبێت بە زووترین کات ئیدارەیەکی کوردی لە کەرکوک پێک بێت و بخرێتەوە سەر هەرێمی کوردستان.**

ئەوانە خەریکن ئیدارەیەی ئەو شارە لەسەر داوای ئەنکەرە و بەغدا بدەنە تورکمان و عەرەب و خۆشیان، بەردەوام بە دوو گووتاری و دید و ئاسایش و میتۆد و بەرنامەی جیاوازەوە کار لە کەرکوکدا بکەن. بەر لە مێژوو رایانگەیاند کەوا لەو قومارەی لەسەر کەرکوک کردیان دۆراندیان.

**ـ چاوەڕێکردنی رەزامەندی دەوڵەتانی دیکە بۆ دامەزراندنی دەوڵەت، لۆژیکی کەسێک نییە پڕۆژەی هەبێ.**

لە دێڕەکانی ئەم نووسینەدا ئاماژەمان بە بێ پڕۆژەیی و بێ بەرنامەیی دەسەڵاتی کوردی کرد. هەروەها لەگەلێ شوێندا باسمان لە لۆژیکی چەوت و ناکوردستانی دەسەڵات کردووە. پرسی سەربەخۆیی گەلێکی بندەست چ ئەڵتەرناتیڤێکی بۆ مرۆی ئازادیخواز و شۆڕشگێر و نیشتمانپەروەر نییە و چاوەڕوانیکردن هەڵناگرێ.

**ـ ئەگەر کەرکووک کەربەلا بووایە، ئێستا شیعە پەنجا فەتوایان لەسەر کورد دەرکردبوو.**

ئەمیش بۆچوونێکی دوو فاقە،لە لایەک کەرکوک مەککەش نییە کەچی سوننە بە کانگای عروبەی دەزانێ. لە لایەکی دیکە هێزی خۆشەویستی خاک لای خەڵک نیشان دەدات،چۆن بۆ بستە زەمینێک ئامادەن فەتوای ئاینیش دەرکەن و جیهاد و غەزای لە پێناودا بکەن. با لە بیرمان نەچێ ئەو دوو پارتە ناوی دڵ و قودسی کوردستانیان لێنا، لێ وا بێ دڵ دەژین و قودسیش سازش لەسەر سازش دایڕزاندووە و بەتەواوی لەبیریان چۆتەوە.

**ـ ئەوەی لەگەڵ ماددەی 140 دا روویدا هەمان ئەو شتەیە کە پێشتریش لەگەڵ سیڤەرد روویدا و کورد نەیتوانی سوودی لێوەربگرێ.**

روونکردنەوە لەسەر ئەم خاڵە لە نووسینەکەدا بەرچاو دەکەوێ،ئەگەرچی ماددەی 140 بۆ خۆی تابووتی مەرگە راستەقینەکەیەی ناوچە داگیرکراوەکانە.

من تەنیا مشتێکم لەو خەرمانی را و بۆچوونانەی عەلەوی وەرگرتووە و لە بەرەوە بە سەرنجی کورت تیشکی رووناکیم خستە سەریان ، چونکە باسەکە زۆر هەڵدەگرێ و لە گەلێک باس دا کوتراوەتەوە و ئێرەش شوێنی شەنوکەوکردنی سەرلەبەری ئەو بۆچوونانە نییە.

عەلەوی بە دیوێکی دیکەدا دەست دەخاتە سەر زامە قوڵەکانی جەستەی کورد و ئامانجەکە بە دروستی دەپێکێ. هەر وەک بڵێی پسپۆڕێکی شارەزای دەروونناسییە و سەراپای ژیانی خەریکی توێژینەوەیە لەسەر کورد. ئاقڵانە و بێ هیچ رتووشێک لە نێو مێژووی کورد دا نمونەکان دێنێتەوە و پێمان دەڵێ :

**ـ کورد لە هۆشیاری دەسەڵاتدا کەموکوڕییان هەیە و لە دەوڵەت دەترسن.**

گەر بە ووردی لەم رستەیە  وورد بینەوە ، پاش لەدەستدانی دەسەلآت لە رووخانی دەوڵەتی مادەوە و ئەو قۆناغە کورتەی تەمەنی حکومداری باشووری کوردستان لەسەردەمی شێخی نەمر و کۆماری کوردستان دا، کورد هەرگیز مومارەسەی دەسەلآتی نەکردووە. حیزبی کوردی هەمیشە خۆی بە پاشکۆی حیزبی نەتەوەی سەردەست داناوە و هەرگیز بیری لە دەسەلآت نەکردۆتەوە. هۆشیاریش لە دەرئەنجامی هەست بە شتێ کردن و مامەڵە و فێربوونەوە دروست دەبێ.

*عەتا قەرەداخی* نووسەر و روناکبیر لەم رووەوە باش مەسەلەکەیسەرنج داوە و دەڵێ:" ئەگەر نەتەوەیەک یان کۆمەڵگەیەک توانی پانتایی ترس لە بوونی خۆیدا بسرێتەوە، ئەوا مانای وایە ئەو کۆمەڵگا و نەتەوەیە زەمینەی خودسەلماندنی بۆ خۆی ئامادە کردووە".

زۆربەی هەرە زۆری حیزبی کوردی تا ئێستاش لە هەموو بەشەکانی کوردستاندا خۆیان بە حیزبی بەرهەڵستکاری حکومەتی ناوەندی دادەنێن، تاوەکو ئەوەی هەڵگری بنەما و سیمای بزوتنەوەی نەتەوەیەکی بندەست و زوڵملێکراوی داگیرکراو دابەشکراو بن. ئا لەم سۆنگەیەوە بوو گەلێ جاران کۆمەڵگای نێودەوڵەتی بە راست یان بە درۆ خۆی لە ئەرکی مۆراڵێ بەرانبەر بە تراژیدیاو کارەساتەکانی بەسەر کورددا دەهات دەدزییەوە و دەیان گووت: کێشەی ئێوە کێشەیەکی ناوخۆیی عێراقی و سوری و ئێرانی و تورکییە. لە رووی یاسا و بنەماکانی نێودەوڵەتی و نەتەوە یەکگرتووەکانەوە نەیان دەتوانی شەرعییەتێ بۆ بە هاناوە هاتنی کورد بدۆزنەوە. ئەی کاتێ کورد خۆی بە عێراقی  یان ئێرانی و هتد بزانێ ، هیچ پێمان سەیر نەبێ وڵاتێکی بێگانە ئامادە نەبێ خەمی ژانەکانمان بخوات و پەیوەندی ئابووری و سیاسی و دبلۆماسی و بازرگانی خۆی لەگەڵ دەوڵەتە داگیرکەرەکانی کوردستاندا تێک بدات. ئاخر هەرگیز نەبووە و لە مێژووی هیچ نەتەوەیەکدا بەرچاو

ناکەوێ، کوچک لە ئاگر گەرمتر بێ، کەی کۆسۆڤۆیی لە سەرب میلۆسۆڤیجتر بووە؟ کوا پۆڵەنییەک لە هیتلەر ئەڵمانیتر بووە؟ . داگیرکەر و بێگانەپەرستی تەنیا لای سەرانی کوردی تێکشکاو ڕەواجی ماوە و سنوورەکان دەبەزێنێ.

تا ئێستا هیندییەک نەیگووتووە من ئینگلیزم ، عەرەبێک نابێژێ من ئیسرائیلیم ، ئەرمەنییەی باس لەوە ناکات تورک بێت ، ڤێتنامییەک هەڵەی وا ناکات خۆی بە ئامریکایی لە قەڵەم بدات ، ئۆکرانیاییەک چیرۆکی رووسی بوونی خۆی بۆ تۆمار نەکردووین. داگیرکەریش هەموو ناسنامە و ئیدیۆلۆژیایەکی لە ئێمە قەبوڵ کردووە، جگە لە کوردبوون نەبێت. بۆیەکا ئەم بنەما هزریی و سیاسیی و ناسنامەییە لە ڕسکانی پاسۆک دا بووە دروشمێکی ناوەندی بە سەردێڕی (( پێش ئەوەی هەر شتێ بین،دەبێ کورد بین)) خۆی نەخش کرد. ئەو دوو حیزبە بیر و ڕێبازی پاسۆکیان پێ پەسەند نەبوو،چونکە داگیرکەران لێی تۆقیبوون، ئیدی بە فەرمانی بێگانە سەریان فلیقاندەوە.

**ـ کوردیش وەک شیعە شۆڕش دەکەن و دەسەڵات دەدەنەوە دەست ئەوی دیکە.**

لەوەتەی عێراقی بێژو لە سەر دەستی ئینگلیزدا دروست کراوە، کورد هەر خەریکی رووخاندن و رزگارکردن و بیناکردنەوە و پاراستنی چوارچێوەی ئەو دەوڵەتە داگیرکەرانە و رژێمە شۆفێنییەکانیان بووە. کورد فاکتەری رووخانی هەموو حکومەتەکانی عێراق بووە، بێ ئەوەی یەک چرکەسات خۆی دەسەڵاتی گرتبێتە دەست. لە بەشەکانی دیکەی کوردستانیش هەمان راستی و پێوەر بەرچاو دەکەوێ، کورد گەورەترین هێزی روخانی شای ئێران بوو،خومەینی هاتە سەر دەسەڵات و خودموختاریشمان پێ نەبڕا،کورد لە دامەزراندن و رزگارکردنی تورکیای تازەدا رۆڵی سەرەکی دی،ئەتاتورک بە لە سێدارەدانی سەرکردەکانمان

پاداشتی داینەوە. ئێستاش تولەمارەکانی موتڵەگ و هاشمی و... هتد بەخێو دەکەین تا دەبنە هەژدیهای حەوت سەر بۆ گەرمیانی ئەنفالکراو و بادینانی سەربڕاو و پشدەری تەختکراو و هەورامانی سوتماککراو.

**- لای کورد شۆرش خۆی گرنگترە لە ئەنجامەکانی شۆرش.**

یەکێ لە دروشمەکانی پاسۆک بڵندی کردبۆوە بریتی بوو لە : "چەکی بێ بیروباوەڕ سێدارەی جەماوەرە". نەبوونی کۆنسێپت و ستراتیژێکی روون و ئاشکرا لای حیزبە کوردییەکان و پەروەردەکردن بە گیان و بنەمای کوردایەتی ، بەرزکردنەوەی فشە داوا و مافی ئۆتۆنۆمی لە ژێر پەردەی شۆرشدا، جگە لە ئاکامە تاڵ و کوشندەکان،چ شتێکی دیکەی لێ شین نەبووە.

بە خواست یان بە ناچاریی، گرنگ دەست دانە چەک و تەق و تۆق بووە. تا ئێستاش ئەو حیزبەی پەیڕەوی ئەم سیاسەتە بکات و هەموو بوون و ستراتیژی خۆی لەسەر دانێ، ئەوە رەواجی لە بازاڕی سیاسەتی کوردیدا هەیە. بۆیەکا شتێکی سەیر و سەمەرە نییە گەر بڵێین، گەلەک جار دوژمن ناچاری دەست دانە چەکی کردووین. ئێمەش نەمان زانیوە چەک هەڵگرتن و شۆڕش کردن بۆ کام ئاییندەیە و بە کام ئاکاممان دەگەیەنێ؟. رابەرمان کێیە و هەڵگری کام ویستی نەتەوایەتییە و بە چ ئیرادەیەک هاتۆتە مەیدانی خەباتەوە؟.

**- ئەگەر کورد ئەم دەرفەتەی راگەیاندنی سەربەخۆیی لەدەست بچێ، دەرفەتی وای**

**بۆ هەڵناکەوێتەوە.**

لە هەناوی مێژوودا دەیان دەرفەتی دیکە هەڵدەکەوێت و دەڕوا و دێت. وەلێ ئەوە لە نرخی ئەو بۆچوونەی عەلەوی کەمناکاتەوە، ئەم دەرفەتە یەکجار تایبەت و دانسقەیە. بەڵێ ئەمە دەرفەتێکی زێڕینە و یەکێکە

لە باشترین ئەو هەلانەی هاتۆتە بەردەم سەرانی کورد. بە جارێ سەرجەم داگیرکەرانی کوردستان گیرۆدەی دەرد و کێشە و تایبەت بەخۆیان بوون و ململانێ خوێناوییەکان پێشبینی ئەوەیان لێ دەکرێت، رووداوەکان تەنها بە سوودی کورد هەڵسوڕێن،چونکە پرۆژە و خەونی داگیرکەران هەمووی دارمان و پووچەڵ بوونەوە. گەر کورد خۆی ئامادە و کارا بێت، دەبێتە پاڵەوانی مێژووی سەدەی 21.

**ـ کورد فۆبیای دەوڵەتی هەیە.**

سەرانی سیاسی کورد مافی دامەزراندنی دەوڵەت بە هەموو میللەتانی دنیا بە رەوا دەبینێ و ئامادەیە کوڕی کورد لە پێناوی کچی گەلاندا بە کوشت بدات و تەنانەت دەست لە نیشتمانی خۆیشی هەڵگرێت بۆ بێگانە. کەچی بۆ خۆی نەک هەر لە دەوڵەت تۆقیوە، بەڵکە زارەترەک بووە بە وڵاتەکەی بڵی نیشتمانم کوردستانە و کورد مافی چارەنووسی خۆی هەیە و بۆی رەوایە وەک هەموو نەتەوەکانی دیکە ئاڵا و دەوڵەتی خۆی هەبێت. لە ئامارێکدا هێشتا ئامریکاییەکان 79% یان باوەڕیان بە دەوڵەت هەیە. ساتێ ئەڵمانێک دەوڵەت لای زۆر جێی بایەخ نییە، هۆکەی بریتییە لەوەی لە ئەڵمانیا دا نازی دەسەڵاتدار بووە و 6 ملیۆن جولەکەی کوشتووە و دوو شەڕی جیهانیشی هەڵگیرساندووە، کە تێیدا ملیۆنەها مرۆڤ بوونەتە قوربانی. ئەدی گەر کوردێ دەوڵەتی نەوێ ، ـ نامەخوا سەرکردەیەکی ـ دەبێ چ لۆژیکێک لەو بیرکردنەوە و هەڵویستەدا بێت و کام خوێندنەوە بۆ ئەو کەسایەتییە بکرێت؟.

کەواتە لەو واقیعە تاڵەی کورد دا، گەر حیزبێ ژینگەی ئۆتۆنۆمی بەجێ نەهێشتبێت، ناتوانێ بۆ فەزا و مەملەکەتی دەوڵەت هەڵفڕێ. ئەوە نییە بە گووتەی سەرۆکەکانمان، کورد شاعیرانە خەون بە دەوڵەتەوە دەبینێ.

*دەوڵەت لە مێژوودا*

لەسەدەی 18 و 19وە کە بەسەدەی دەوڵەتی نەتەوەیی لە ئەوروپا هەژمار دەکرێت، پێشتریش لە زۆر دەڤەری ئەم جیهانەدا ناسیونالیزم لە گەڕدا بووە. خانی مەزن پێش شۆرشی فەرەنسا و سەدەی ناسیۆنالیزمی ئەوروپا باس لە دەوڵەت و سەروەری نەتەوەیی دەکات. لەو ساتەوە هەتا ئێستا لەمەڕ چەمکی نەتەوە و دەوڵەتەوە گەلێ بانگاشە و راگەیاندنی جۆراوجۆرمان بەر گوێ کەوت و خرایە بەردەست. کەچی نە ئایین و مەزهەبە ئاسمانی و زەمینییەکان و نە ئایدۆلۆژیا و تیۆرییەکانی سۆسیالیزمی شورەوی و نە مەعریفە و فەلسەفەی دنیای کاپیتالیزم و نە تەکنەلۆژیا و گلۆبالیزمی هاوچەرخ هەتا ئێستا نەیانتوانیوە پوکانەوە و نەمانی نەتەوە و نەتەوایەتی بسەلمێنن و داوا و ویستی دامەزراندنی دەوڵەت خەفە بکەن.

هەیاران...لەو رۆژەوە دەیان پروپاگەندە بۆ بەسەرچوونی قۆناغی نەتەوایەتی و دەستبەرداربوونی نەتەوەکان لە دەوڵەت بە گویماندا درا، کەچی پرسی نەتەوایەتی وەک کاریگەرترین بزوێنەری ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسی خەڵک هەموو ئەو کۆسپ و تەگەرانەی لە پرۆسەی هەبوونی خۆیدا بەزاندوو و رۆژ بە رۆژ خورتتر و درەوشاوەتر بەرجەستە دەبێت.

زانا و کۆمەڵناس و بیرمەندەکانی دنیا هەردەم جەخت لەسەر بەها و گرنگی دەوڵەت دەکەنەوە و بە بەهێزترین فاکتەری گەشەی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووری و بەرەو پێشچوونی ژیانە. ئا لەم روانگە و تێگەیشتەوەیە هەموو نەتەوەکان خەباتی خوێناوی بۆ دەکەن و هەوڵی دیپلۆماسی بۆ دەدەن. هیچ نەتەوە و لایەن و کەسێک نییە و نابێت دەستبەرداری ئەم پێداویستییە بێت. شایانی باسە، ئێمەش دەزانین، لە هەندێ قۆناغ و چەند وڵاتێکدا دەوڵەت سیستەمەکەی دەزگای

سەرکوتکەر و خوێناوی بووە، وەلێ لە دەمکاتی کورت و پێویست دا ئاڵوگۆر کراوە و چارەسەر کراوە.

پرۆسەی نەتەوایەتی و دەوڵەت دروستکردن لە ئەوروپای رۆژئاوا و ناوەڕاست و رۆژهەلات هەموویان لە ئەنجامی جیابوونەوە لەو زلهێزانەوە دروست بوون، فلەندە و وڵاتانی بەلتیک و پۆلۆنیا و چیکۆسلۆڤاکیا و رۆمانیا و ئەلبانیا لە رووسیا و نەرویج 1905 لە سوید و بەلژیکا 1831 لە هۆڵەندە جیابوونەوە . ئایسلاند 1944 لەگەڵ دانیمارک یەکێتییەکەی هەڵوەشاندەوە.

نەتەوەی ئینگلیز 1688 شۆرشی کرد و دەوڵەتی دامەزراند، فەرەنسا 1789 بە شۆڕش دەوڵەتی دروستکرد و دوایی پرۆسەی بە نەتەوەبوون تێیدا کەوتە گەڕ. ئەم دوو شۆڕش و دەوڵەتە نوێیە کاریگەری تەواویان لەسەر سەرجەم ئەوروپای رۆژاوا و ناوەڕاست هەبوو. فەرەنسا لەسەر ئیسپانیا و بەلژیکا و ئینگلستان لەسەر وڵاتانی سکەندەناڤی و هۆلەندە. بارودۆخی ئەڵمانیا و ئیتالیا لەبەر ئەوەی زۆر پەرتەوازە و پارچەپارچەبوون بڕەک جیاوازی لە دروستکردنی دەوڵەتدا هەیە. ئەڵمانیا بە نموونە ئەو سەردەمانە لە زیاتر لە 360 میرنشین پێک هاتبوو. دواتر لە ژێر کاریگەرێتی رووداوەکاندا و بە سەرپەرشتی کایسەری نەمسا بوونە 39 شار و ناوچەی دەوڵەتئاسا و هەر لایەکیان نوێنەرێکیان بۆ پەرلەمان دەنارد. فەرەنسا هەردەم دژ بە دەوڵەتێکی ئەڵمانی بووە و زیاتر هانی ئیتالیا و پۆلۆنیای دەدا دەوڵەت بۆ خۆیان دروست بکەن. چونکە ئەو سەردەمە ئیتالیا تەنها چەمکێکی جوگرافیایی بوو.

ئینگلیز خۆی بە قەلا و پارێزەری نەتەوە بچووکەکان دادەنا. زلهێزەکانی ئەو سەردەمە ئینگلیز و فەرەنسا لە رۆژاوای ئەوروپا و رووسیا لە رۆژهەلات و نەمسا و پرووسیا لە ناوەڕاست بوون.

پرنسیپی نەتەوایەتی لەو شوێنەدا قەبوڵ بوو، کەوابەستەی هێزێکی میرنشینی بوو. وەک لە بەریتانیا، فەرەنسا، ئیسپانیا، پورتوگال، هۆڵەندە و سوید دا ئامادەییان هەبوو. ئەمە دیاردەی ئەو سەردەمە و ئەو قۆناغە مێژووییەی مێژووی مرۆڤایەتی بوو. کەواتە جارێکی دیکەش دەتوانین جەخت لەسەر ئەو راستییە بکەینەوە، کەوا پرنسیپی نەتەوایەتی و چەمکی ئازادی و سەربەخۆیی دینەمۆی گۆرانکارییەکانی ئەوروپا بوون. شایانی گووتنە، هەڵگرانی ئالآی سەربەخۆیی لە ئیتالیا و ئەڵمانیا لە دەستەیەکی هەڵبژاردە پێکهاتبوون، کە بریتی بوون لە: خاوەن موڵکەکان و هاوڵاتییانی خوێندەوار و بەگزادە و میرەکان. بەکورتی شۆرش لە بانڕا کراوە نەک لە بنڕا. ئەم میللەتانە ئەوەندەی کێشەی دروستکردنی دەوڵەتیان هەبوو، هێندە سەرگەرمی هەڵبژاردنی سیستەم نەبوون. ئەو دەوڵەتانەی لە سەرێ ئامارژەمان پێدان،جگە لە فەرەنسا هەر هەمویان پادشایین.تەنانەت لەم رۆژانەدا 60 ساڵ بە سەر عەرشی شاژن ئەلیزابێتی دووەمی بەریتانیادا تێپەڕی و هەموو ئینگلیز ئەو جەژنەیان لێ پیرۆز کرد.

لەم روانگەیەوەیە، گەلێ لە توێژەران لایان وایە کەوا نەتەوە و دیموکراسی دوو رووی یەک مەدالیا بوون. دەوڵەتی نەتەوەییش خۆی وا نیشان دەدا کە چوارچێوە و زامنێکی بەهێزی دیموکراسی و خەباتی پەرلەمانییە.

بەم پێودانگە ***پاسکولە مانزینی*** مافپارێز و وەزیری دەرەوەی ئیتالیا دەڵێ: "دەوڵەتێک کە چەندین نەتەوە ناچار بکرێن تێیدا یەکگرن، ئەوە ئۆرگانیزمێکی سیاسی نییە، بەڵکو ئەوە کارەسات و دۆزەخی ژیانە". ***بڕونچلی*** یاساناسی سویسری دەڵێ:" هەر نەتەوەیەک دەوڵەتێک و هەر دەوڵەتێک نەتەوەیەکی هەبێ".

*پرنسیپی شەڕ*

شەڕ .... وەک فاکتێکی بەهێز لە گۆڕەپانی رووداوەکاندا هەمیشە ئامادەیی هەبووە و رۆڵی لە بڕیاری چارەنوسسازیشدا گێڕاوە. هەر بۆیە بیریاران شەڕیان بە باوکی هەموو شتەکان داناوە. گەر تەماشای وڵاتێکی وەک ئیتالیا بکرێ، لەو سەردەمەدا وەک دەڵێن هەر چەمکێکی جوگرافیایی بوو، هیچ ناوەرۆک و سیمایەکی سیاسی نەبوو. لەتەک هەبوونی چەندین پارت و هێزی سیاسی دیموکرات و لیبەراڵخوازدا کەچی لە ئەنجامی 3 شەڕی گرنگ ئەوجا پرۆسەی یەکگرتنەوەی پێکهات.

1ـ ساڵی 1866 ڤێنیسیا هاتە سەر ئیتالیا لە ئەنجامی شکستی نەمسا لەبەرانبەر پروسیا لەشەڕدا.

2ـ 1871 هێزەکانی ئیتالیا چوونە ناو رۆماوە، چونکە ناپلیۆنی 3 کە پشتیوانی لە پاپا دەکرد، لەشکرەکەی بۆ شەڕی دژی پرۆسیا کە هەڕەشەیان لە پاریس دەکرد کشاندبووەوە.

3ـ ناوچەی ئیچینگ دوای شەڕی یەکەمی جیهانی و دوای دۆڕانی هێزەکانی ئەوروپای ناوەڕاست بەسەرکردایەتی نەمسا کەوتەوە سەر ئیتالیا.

ئەڵمانیاش دوای شکستەکانی فەرەنسا لەشەڕدا، ئەوجا دەوڵەتی نەتەوەیی خۆی دروست کرد.

دەکرێ شەڕ و شۆرشەکانی ساڵەکانی 1866،1859،1848 و 1871 لە ئیتالیا و ئەڵمانیا وەک یەک تەماشا بکرێ و ئەوانیش بە تاکە رێگەی سەربەخۆیی نەخش ببوون.

گەر پەنا بەرینە بەر تاقیکردنەوە و خەباتی گەلان لە پەروەردەکردنی رۆڵەکانیان و شێوازی شۆڕش و خەباتیان بۆ

سەربەخۆیی و دامەزراندنی دەوڵەت، وا دەیان لاپەڕەی گەشمان دێتە بەرچاو. با نموونەیەکی زۆر سادە و ساکار بۆ دیدی خوینەر رابگوێزم.

لەئەنجامی ئەو شەڕ و داگیرکارییە بەردەوامەی نێوان ئەڵمانیا و فەرەنسادا ناوچەی ئێلزاس ـ لۆترینگەن دەکەوێتە بندەستی ئەڵمانیاوە. لەو میانەدا چیرۆکێکی بەجۆش دروست دەبێت. دوو برا ئەندرێی 14 ساڵ و جولیانی 7 ساڵ بە هەتیوی و ناچاری لەتاو داگیرکاری ئەڵمان زێدی خۆیان فالسبۆرگ بەجێدێڵن و دەچنە پاریس. فەرەنسییەکان گەشتێک بۆ ئەم دوو منداڵە بەسەرتاسەری فەرەنسادا ساز دەکەن، تا بە نیشتمانە نوێیەکەیان ئاشنایان بکەن. ئەمانە لەتەک منداڵانی دیکەدا لە قوتابخانە فێری زانیاری و زانستی شەڕ و خۆشەویستی وڵاتیان دەکەن.

وەزیری خوێندنی فەرەنسای ئەو سەردەمە ***پولس فێری*** بڕیار دەدات لە هەموو پۆلێکی قوتابخانەکاندا نەخشەیەک هەڵواسن کە ئێلزاس ـ لۆترینگەنی لەسەر بێت لەتەک ئالآیەکدا. لە کۆتایی ساڵدا، کاتێ بڕوانامە دەدرێت بە قوتابیان، پێویستە مامۆستا لەسەر تەختە رەشەکە بنووسێ: "ئەی منداڵ، تۆ دەبیتە سەرباز".

میللەتان بەم شێوازە تاکی خۆیان بۆ خەباتی نەتەوایەتی پەروەردە کردووە، کەسێکیش بە دروستی و تەندروست پەروەردە کرابێ، بێگومان دەبێتە سەربازێکی دڵسۆز و باش بۆ گەلەکەی. هەر لە سۆنگەی ئەم جۆرە پەروەردەیەوە و لە ئاکامی خۆشەویستی قووڵ بۆ نیشتمان بە گووتەی ***ئولریش ڤیکلەری*** نووسەر و رۆژنامەنووس و بێژەری تیڤی ئەڵمانی دەڵێ: " کاتێ لە زارۆکێکی فەرەنسایی دەپرسی، ئارەزوو دەکەیت لە دوا رۆژدا ببی بە چی، بێ دوو دڵی دەڵێ سەرەک کۆمار". چونکە ئەو زارۆکە دەزانێ، لەو پیشە و پۆستەدا پێویستە هەموو خەسڵەت و کارەکتەری فەرەنسایییەکی نیشتمانپەروەر بەرجەستە ببێت.

ئەویش ئامادەکاری دەکات و خۆیشی بەشایانی بەدەستهێنانی ئەو ئەرک و شەرەفە دەزانێ .

1990 ساڵێ دوای رووخانی دیوارەکەی بەرلین، بۆ یەکەم جار لە ناوەندی شاری بەرلین ئەلەکسەندەر پلاس یادی کارەساتی ژاربارانکردنی هەڵەبجەمان وەک بەرەی کوردستانی و کوردی ئاوارەی ئەڵمانیا کردەوە. نوسینی لافیتە و هەندێ بابەتی دیکە خرابووە ئەستۆی من وەک نوینەری پارتی سۆسیالیستی کورد- پاسۆک... لەسەر لافیتەکە بە ئەڵمانی نووسیم : لە 16.3.1989 دا دەوڵەتی کۆلۆنیالیستی عێراق شاری هەڵەبجەی بە گازی ژاراوی و چەکی کیمیاوی بۆمبارانکرد و زیاتر لە 5 هەزار شەهید و 10 هەزار بریندار بوون. ئەم لافیتەیەمان ببووە جێێ سەرنجی خەڵکەکە. پاش قەدەرێ د.رۆژ نوری شاوەیسی پارتی،کە لەبەرلینی رۆژهەڵات دەژیا پەیدابوو. هەر کە چاوی بە دروشمی لافیتەکە کەوت، رەنگێکی هێناو برد و باری دەروونی تێکچوو و دەستبەجێ حەمەئەمین دەلۆیی بەرپرسی پارتی بانگ کرد و ووتی: ئەوە چییە نوسیوتانە ؟،عێراق کۆلۆنیالیست نییە و دەبێ ئەو لاڤیتەیە لابەن. لە وەڵامدا نوێنەری پارتی ووتی ئەوە برادەرانی پاسۆک ئامادەیان کردووە، بەراستی شەڕی ئەوانمان پێ ناکرێ، لێگەڕێ با وا بڕوات. ئیدی نازانم دواجار چۆن لەو برادەرەیان پرسییەوە، هێندە نەبێ د. رۆژ بە توڕەییەوە شوێنەکەی بەجێهێشت. ئەو هەڵوێستەی د. رۆژ کتومت سیاسەتی پارتی بوو، لەبەر دڵی برایانی عەرەب و ئەڵمانیای دیموکراتی و بەرەی رۆژهەڵات نە دەبوو ،کوردستان بە داگیرکراو پێناسە بکرێت.

نەک هەر ئەو و پارتەکەی، دەبا بزانین لەم رۆژگارەشدا کامە وەزیر و سەرۆک پەرلەمان و سەرۆکی هەرێم و بەرپرسی دیکە بۆ منداڵێکی گەرمیان، کەرکوک و ناوچە داگیرکراوەکانی دیکە گەشت ساز دەکەن؟

کامیان بڕیار دەدات دەبێ نەخشەی کوردستان لە سەر دڵتان و لەناو مێشکتان و لەسەر دیواری قوتابخانە و سەرشەقامە سەرەکییەکانی وڵاتدا هەڵواسن؟.کێیان بە وەک بێشکچی کوردستان بە دوا کۆلۆنی دەناسێ؟.

ئەوە هەزاران خێزانی ناوچە داگیرکراوەکان بوونەتە ئاوارە و لە پاریگا و ژێر پرد و پەنا کەلاوەی رووخاودا ژیان بەسەر دەبەن، کێ ئاوڕیان لێ دەداتەوە دەبێتە هاوبەشی ئازار و خەمەکانیان؟.

قوتابی کورد بۆ خوێندن، هێشتا ژاراوی بەرنامە و کەلتووری داگیرکەری دەخرێتە بەردەم. تا ئێستاش بە کەسایەتییەکی دوو لەت و بە دوو میتۆدی جیاواز گۆشت دەکرێ. ئاخر لە هەموو بەرنامە و گووتار و رەفتاری حیزب و وەزارەت و پەرلەمان و حکومەت و سەرۆکایەتی هەرێمەدا پرۆژەیەکی نەتەوەیی بەدی ناکرێت.

نابێت ئەوە لە یاد بکەین، قۆناغەکانی گەیشتن بەو کوردستانە ئازادەی کە ئێستا تێیداین و خاوەنی حکومەت و پەرلەمانی خۆمانین، بەرهەمی راستەوخۆی شەڕی ئێران و ئێراق و دەرپەڕاندنی عێراق لە کوێت و رەوەکە و لێدانی عێراق و رووخاندنی رژێمی بەعس و سەددامە. لە هەنووکەدا گەرمبوونی ململانێکانی ناو عێراق و سەرهەڵدانی شەڕێکی تر ـ کە پێدەچێ حەتمی بێت و هەر دەبێ روو بدات ـ کوردستان بەرەو دەوڵەت ببات. ئەگەری بەهێزیش هەیە لێدانی ئێران و رووخانی رژێمی سووریا و هەڕەشەکانی سەر دەوڵەتی تورکیا، دەرگای سەربەخۆیی تەواوی کوردستانمان لەبەردەم دا ئاواڵە بکات.

بۆیە پێویستە مەرجی بنچینەیی سەرکەوتن و بەدەستهێنانی دەسکەوتی نەتەوەیی بە یەکێتی ریزەکانی کوردمسۆگەر بکەن. ئەنجوومەنێکی نەتەوەیی و دەزگایەکی ئاسایشی نەتەوەیی وەک خاوەن بڕیاری سەرەکی بە بەشداری هەموو کەس و لایەنەکان پێک بێت

و بە زرنگی و دیقەتی وورد لە رووداوەکان و بە فرە پرۆژەوە بۆ هەموو ئەگەرەکان ئامادەیی بەردەوامی هەبێ. دەسەڵاتی کوردی کە خۆی شەلەشەل بەڕیوە دەڕوا،ناتوانێ بێتە گۆچانی بن هەنگڵی کەسی دیکە، هەر بۆیە دەبێت ئەم قۆناغەی داوای فیدراڵی و بێوەژن کۆشییەی بۆ دەستووری عێراقی دەکات بەجێ بهێڵێ و لەسەر بەرنامەی گەشەپێدانی لۆبی و کەناڵەکانی دیبلۆماسی سەربەخۆیی کوردستان بە جددی کار بکات. دەسەڵاتی ئێستای کوردستان زیاتر لە 7 ملیۆن دانیشتوانی باشووری لەبەر دەستدایە و 40 - 50 ملیون کوردی بەشەکانی دیکەش پشتیوانی لێ دەکەن، نەوت و ئاو و کەرەسەی خاوی دیکەی گەلێ زۆرە، هەڵکەوتی جیوپۆلیتیکی کوردستان گرنگە و دەرگای کوردستان بە رووی هەموو جیهاندا دەکاتەوە. هەر کەس و لایەنێک ئەم سامان و کارتە بەهێزانەی بەدەستەوە بێت ،لە دنیای ئەمڕۆی سیاسەت و ئابووریدا دەتوانێ قسەرۆیشتووانە بە مەرجیشەوە بایەخ و کاریگەرێتی هەبێت .

جا ئەگەر سەرانی کورد جوامێرانە نەچنە ژێر باری ئەم ئەرکە نەتەوەییەوە و بڕیاری چارەنووسسازی خۆیان لە دووڕیانی مان و نەمان و هەڵبژاردنی ژیانێکی پڕ لە شکۆی سەربەخۆیی و ئازادیدا بە جەرگانە نەدەن، بە واتایەکی دیکە گەر دەسەڵاتێک بەم هەموو کەرەسە و فاکتە گرنگ و کاریگەرانەوە نەتوانێ بانگەوازی دەوڵەت بدات، ئیدی مافی جەماوەری کوردە گوێ بۆ هیچ بەیتوبالۆرەیەکی ئەوانە شل نەکات و چیدی بە عیوەکانیان فریو نەخوات. لە هەمووی گرنگتر بیر لە گۆڕان و ئەلتەرناتیفی کوردستانی دیکە بکاتەوە. کورد بە هەموو پێوەر و هەقێک، لە پێناوی فەراهەمکردنی خۆشگوزەرانی لە کوردستانێکی ئازاد و یەکسان دا، پێویستی بە رێنیسانسێک ، لە دید و ستراتیژیدا هەیە، بە ئاراستەی بە نەتەوەییکردنی پرۆژەی کار و ئاسۆی تێڕوانین و چەمکی خەبات .

سەرچاوەکان:

کۆتایی عێراق .... پ. گالبێرس و. سۆران عەلی محەمەد ئەمین

دیوانی هەسپم هەورە و رکێفم چیا... ع. پەشێو

چەمکی دەوڵەت و بزووێنەری مێژوو لە کۆمەڵگای کوردی دا.... عەتا قەرەداخی

بە ئەڵمانی دەوڵەت و نەتەوە لە مێژووی ئەوروپادا.... هاگەن شولتسە

Staat und Nation in der europäischen Geschichte

Hagen Schulze